جولەکە دەڵێن عەزل لەچاڵنانی بچووکە، فەرمووی: جولەکە درۆیان کرد ئەگەر خوای گەورە بیەوێت بیخوڵقێنێت؛ ناتوانیت ڕێگری لێبکەیت

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە دەڵێت: پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، کچێک کەنیزەمە* وعەزل** دەکەم لەگەڵیدا وحەز ناکەم سکپڕ بێت، وئەوەم دەوێت کە پیاوان دەیانەوێت، وجولەکە دەڵێن عەزل لەچاڵنانی بچووکە^، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «جولەکە درۆیان کرد ئەگەر خوای گەورە بیەوێت بیخوڵقێنێت؛ ناتوانیت ڕێگری لێبکەیت». *(کچی کەنیزە: واتا کچی بەندەیە -کۆیلە- کە لەو سەردەمەدا دەکڕان ودەفرۆشران ودەبوون بە مووڵکی ئەوەی دەیانکڕێت، وداواکراوە مسوڵمان بە ئەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات وئایینی ئیسلام هانی داوە بۆ ئازاد کردنیان وتەنانەت ڕێزگرتن لێیان لە سەردەمە زێڕینەکانی ئومەتدا زۆر زیاتر بوو لە ڕێزگرتن لە مرۆڤی ئازاد لە سەردەمی ئەمڕۆدا بێگومان ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مێژوو ئەوەی بۆ دەردەکەوێت)، **(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)، ^(لە چاڵنانی بچووکە: واتا لەچاڵنانی منداڵ وکوشتنێتی بە زیندووێتی بە جۆرێکی تر -ئازارەکەی کەمترە لەوەی یەکەم-)

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمـوودەیە ڕەتکردنـەوەی بـانگەشەی جولەکەکـانی تێـدایە کـە دەڵێـن بەهـۆی عەزلـەوە* سـکپڕبوون مەحـاڵە ڕووبدات، وپێیان وایە عەزل وەکو کوشتنی و لەچاڵنانی وەچەیە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم بانگەشەی ئەوانی بە درۆ خستەوە، وهەواڵی ئەوەی دا کە عەزل ڕێگر نابێت لەوەی سکپڕبوون ڕووبدات ئەگەر خوای گەورە بیەوێت منداڵێک بخوڵقێنێت -دروستی بکات وبیهێنێتە بوونەوە-، وئەگەر خوای گەورە نەیەوێت بیخوڵقێنێت؛ ئەوا ئەمە لەچاڵنانی منداڵ نییە لە ڕاستی وهەقیقەتدا، بۆیە نەهی نەکرد لە ئەم هاوەڵە کە عەزل بکات لەگەڵ کچێک کە کەنیزەیەتی** وبانگەشەی جولەکەکانی ڕەتکردەوە، بەڵام بە کۆی فەرموودەکان وفەتوای زانایان: عەزل کارێکی زۆر مەکروهە لە شەریعەتدا ولەوەیە لە هەندێک حاڵەتدا ڕێگەپێدراو بێت بە پێی حاڵی کەسەکە؛ بەڵام باشتر ئەوەیە ئەنجام نەدرێت. *(عەزل: بریتیە لە دەرهێنانی ئەندامێنی نێرینە لە نێو ئەندامی مێینەی ئافرەت ئەگەر مەنیەکە نزیک بووە لەوەی بێتە دەرەوە؛ بۆئەوەی لە دەرەوەی ئەندامی مێینەی ئافرەتەکە دەربچێت)، **(کچی کەنیزە: واتا کچی بەندەیە -کۆیلە- کە لەو سەردەمەدا دەکڕان ودەفرۆشران ودەبوون بە مووڵکی ئەوەی دەیانکڕێت، وداواکراوە مسوڵمان بە ئەوپەڕی ڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات وئایینی ئیسلام هانی داوە بۆ ئازاد کردنیان وتەنانەت ڕێزگرتن لێیان لە سەردەمە زێڕینەکانی ئومەتدا زۆر زیاتر بوو لە ڕێزگرتن لە مرۆڤی ئازاد لە سەردەمی ئەمڕۆدا بێگومان ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مێژوو ئەوەی بۆ دەردەکەوێت)

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58101